## ماکەی بەجێماوە (زبڵ)ی ئەتۆمی

باشترین و بەکەڵکترین فۆرمی ووزەی ئەلکتریکی بۆ مرۆڤی سەر زەوی تە ئێستا ووزەی ناوك (هەستەیی) یە. ئەگەرکوو ووزەی بەداستهاتوو لە هێزی ئاو کە بەهۆی دامەزرانی بەربەند لەسەر ڕێی چۆمەکان بەرهەم دێ، گەلێك بۆ ژینگە بە سوودترە، بەڵام بەستراوەتەوە بە زۆریی ئاوی ناو چۆمەکان و ناتوانێ وەڵامدەرەوەی حەشیمەتی ئەوڕۆیی سەر زەوی بێ. چەشنەکانیتری بەرهەمهێنانی ووزە یا ناتوانن وەڵامدەری پلەی کەڵکلێوەرگرتنی ووزەی مرۆڤ بن یا زیان بە ژینگە و ئاتمۆسفێر دەگەیینن.

بۆ بەرهەمهێنانی ووزەی ناوك لەمڕۆدا بەهۆی بەشکردن، لەتکردن(لێك بڵاوکردن)ی ناوکی ئەتۆمی و بەشێوەی کاردانەوە یا دژکردەوە لە ناوەندێکی ناوکیی، گەرما بەرهەم دێنن. لەو گەرمایە بۆ دروستکردنی هەڵمی ئاو کەڵك وەردەگیرترێ. هەڵم دەبێتە هۆی وەکارخستنی توورب‌ینی تایبەتیی هەڵم کە ئەوانیش دەبنە هۆی سووڕانی ژنراتۆرەکان و لە نەهایەتدا پێك هێنانی ووزەی ئەلکتریکی. ناوەندی ئەتۆمی کارێکی خاوێنە و هیچ دووکەڵێك لەخۆی ناداتە دەرێ. پێویستی بە ئۆکسیژێن نییە و هیدرۆژێنیش لەخۆی ناداتە دەرێ. لە ناوەندی ئەتۆمی مودێڕنی ئەمڕۆیی دەکرێ بە باشی بۆ وەدەستهێنانی ووزەی ئەلکتریکی کەڵك وەرگیرترێ. تا ئەمڕۆ بۆ بەرهەمهێنانی ووزەی ئەلکتریکی لە ماکەی ئورانیۆم کەڵك وەردەگیرترێ. دیارە ئەو ماکەیە بێ بن نییە و ڕۆژێك ئۆرانیۆم کۆتایی پێ دێ و مرۆڤ دەبێ بیر لە ڕێگایەکیتر بکاتەوە.

کەڵك وەرگرتن لە ووزەی ئەتۆمی لایەنێکی خراپیشی هەیە: زبڵی پێکهاتوو لە دروستکرنی ئەو چەشن ووزەیە پرشەنگێك لە خۆی دەداتە دەرێ کە دەتوانێ هەزاران ساڵ بۆ ژینگە و بوونەوەران زیانبار بێ. بەهۆی ئەو لایەنە زیانبارەیەوە لە زۆربەی وڵاتە پیشەسازییە

پێشکەوتووەکان مرۆڤ و ڕێکخراوەی دژ بە هێزی ئەتۆمی بەربەرەکانی دژ بە سازکردنی ئەو چەشن ووزەیە دەکەن. بەو هۆیانەوە زانایانی ئەو بووارە بێ وەچان بەدوای ئاڵترناتیڤێکی تر دان کە بکرێ بە بێ زیانگەیاندن بە ژینگە و بوونەوەرانی بتوانن ڕێگاچارەیەکیتر بدۆزنەوە.

مرۆڤ لە سەراسەری ئەم جیهانە هێشتا هیچ ڕێگایەکی ئەرخەیانیان نەدۆزیوەتەوە کە چلۆن بتوانن زبڵی زیانباری ئەتۆمی لەناو بەرن. هەر بۆیە تەنیا لە جێیەکی تا ڕادەیەك ئەرخەیان ڕادەگیرێن هەتا ڕێگاچارەیەکی گونجاویان بۆ بدۆزنەوە. لە تاقمێك لە وڵاتە پێشکەوتووە کان هەوڵی داخستنی ناوەندەکانی بەرهەمهێنەری ووزەی ئەتۆمی دەدرێ و تاقمێك لەو ناوەندانەیان داخستووە و لە هەندێکیش لە وڵاتانیتر پەرەی پێدەدرێ و ووزەی ئەتۆمی بەرهەم دهێنرێ.

ئەگەر مرۆڤ بیتوانیبایە بە شێوەیەك لە ووزەی هەتاو کە هەمان پرۆسە، واتە شکاندنی ئەتۆم و پرۆسەی زنجیرەیی بۆتە هۆی پێکهینانی، کەڵك وەرگرێ، ئەو کات دەتوانی لە ووزەی ڕۆژ وەك موتۆڕێکی ئەرخەیان و پاك و خاوێن بۆ پێکهێنانی ووزەی ئەلکتریکی بە شێوەی گشتی کەڵك وەرگرێ. دیارە بە دۆزینەوەی سیستەمی زۆلاریی مرۆڤ توانیویە بەشێکی بچووکی پێداویستییەکانی پێ دابین بکا، بەڵام تا گەییشتن بەو ڕۆژە کە بە تەواوی لە ووزەی هەتاو کەڵك وەربگرێ، ریگایەکی دوور لە پێشە. لە وڵاتی ئاڵمان بە پێی ئەو بەرنامەیەی بۆیان داناوە تا ساڵی ٢٠٣٠ دەبێ خەزێنەیەکی هەستەیی دروست بکرێ کە بتوانن زبڵی ئەتۆمی تێدا بە ئەرخەیانی جێ کەنەوە. تا هاتنی ئەو کاتە نیزیکەی ١٧ هەزار تۆن زبڵی رادیۆئاکتیڤدار کۆ دەبێتەوە کە هەڵەیەکی بچووکی تکنیکی مرۆڤ، دەەتوانێ ببێتە هۆی پیکهێنانی کارەساتێك.

بۆ ئەوەی بتوانین وێنای بکەین کە ماکەی ڕادیۆئاکتیڤ تا چ ڕادەیەك دەتوانێ مەترسیدار بێ، سەیری چەند ساڵ پێش ئێستا دەکەین:

بۆ یەکەم جار دوو بۆمبی ئەتۆمی لە شەڕی دووهەمی جیهانی ساڵی ١٩٤٥ دژ بە وڵاتی ژاپۆن بەکارهێنران. بەهۆی ئەو بۆمبانەوە سەدان هەزار مرۆڤ گیانی خۆیان لە ماویەکی کورتدا لە دەست دا. هەروەها هەزاران مرۆڤ لە کاتێکی دوور و درێژدا بەهۆی بریندار‌بوون و تیشکی رادیۆئاکتیڤی بەجێماوە لە بۆمبەکان، ماڵئاواییان لەم دنیایە کردوە. تا ئەمڕۆش کە نیزیکەی ٧٣ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا تێپەڕ بووە، ئەو تیشکە ڕادیۆئاکتیڤانە هەر بوونیان هەیە و هێشتا هەر مەترسی بۆ مرۆڤ دروست دەکەن.

درێژەی هەیە ...